# نەفرەت لە بکوژانی کانی یەڵماز !

## کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان !

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی تیرۆرکردنی کانی یەڵماز و سەبری تۆری ، ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی وڵاتپارێزی کوردستانمان بیست ، ئێمە لە کاتێکدا داخباری و دڵتەنگی خۆمان لەپێوەندی لەدەست چوونی ئەو دوو تێکۆشەرەی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنین و پرسەو سەرەخۆشی خۆمان لە بنەماڵە و هەڤاڵانی قوربانیەکان و خەڵکی کوردستان دەکەین، لەهەمان کاتدا ئەم کردەوە تیرۆریستیە ریسواو شەرمەزار دەکەین . تیرۆرکردنی تێکۆشەرێکی وەک کانی یەڵماز لە نێو جەرگەی شارێکی وەک سلێمانیدا تا ئەوپەڕی سنوور جێگەی خەفەت و دڵتەنگی ئێمەیە . هەرچەندە تا ئێستا بەفەرمی هیچ کەس و لایەنێک ئەنجامدانی کردەوەکەی لە ئەستۆی خۆی نەگرتووە ، بەڵام ئەم تیرۆرە لەژێر هەربیانۆیەکەوە بەرێوەچووبێت ، مایەی نەنگی و شەرمەزارییە ، دەبێ خەڵکی کوردستان نەفرەت لە تیرۆریستان بکەن و ریسواو شەرمەزاریان بکەن .

بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان به درێژایی تەمەنی خۆی هەرگیز پەنای بۆ تیرۆرو تۆقاندنی بەرانبەر نەبردووە ، زۆر شۆڕشگێڕانە درێژەی بە کاروانی تێکۆشانداوە . دۆست و دوژمن گەواهی ئەو راستیە دەدەن کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد رەوایەتی خۆی پاراستووەو لە پێناوی پساندنی کۆت و زنجیری کۆیلەتی ، بۆ رزگاری گەل و سەربەخۆیی نیشتیمانەکەی لێبڕاوانە خەباتی کردووە ، لەم پێناوەشدا بەهەزاران تێکۆشەری راستین گیانی خۆیان پێشکەش بە خاک و نەتەوە کردووە . دوژمن و داگیرکەرو ناحەزانی کوردستانیش زۆر دڵرەقانە سەنگەریان لە تێکۆشەران گرتووە ، لەرێگەی نۆکەرانیانەوە دەرفەتە رەخساوەکانیان لەدەست خۆیان نەداوە ، بەهەر شێوازێک بۆیان کرابێت ، گورزی خۆیان لە پەیکەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان داوە ، پێشمەرگەو سەرکردەکانی ئەو بزاڤەیان شەهید کردووە . تا ئێستا دەیان سەرکردەی تێکۆشەر و ناودار بە پیلانی جۆراوجۆر و بە شێوازی رەنگاوڕەنگەوە تیرۆرکراون . تیرۆرکردنی کانی یەڵمازو سەبری تۆرییش لەخانەی ئەو پیلانە نەخشە بۆدارێژراوانەیە کە بەقازانجی داگیرکەران تەواو دەبێت . لەم پێوەندیەدا خوازیارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی وردو پێویست سەبارەت بەو تیرۆرە بکات و تیرۆریستان بناسێنێ و سزایان بدات ، هەروەها داوا لە خەڵکی وڵاتپارێزی کوردستان دەکەین کە چاوکراوەتر و پەرۆشتر لە رەوتی رووداو پێشهاتەکان بڕوانن و یەکڕیز لەبەرانبەر تیرۆرو تیرۆریستان هەڵوێست وەربگرن ، نەفرەتیان لێبکەن و ریسواو شەرمەزاریان بکەن .

سڵاو بۆ گیانی پاکی کانی یەڵماز و سەبری تۆری .

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان .

نەفرەت لە تیرۆریست و تیرۆرپەروەران .

**حزبی رزگاریی کوردستان** **پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

٢٠٠٦-٢-١٢